# سیاسەتی بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان
# چەکی دەستی کوردن لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا

دکتۆر ڕێبوار فەتاح

"کۆمەڵگەیەک نەتوانێت پێناسەی ئەو تاوانانە بکات کە دژی کراون، نازانێت مافەکانی چین."

سەرەک وەزیرانی عێراق "جەعفەری" دەبێژێت کە دەستووری هەمیشەیی عێراق لەسەر بناغەی "قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا" دادەڕێژرێت. جا بۆیە گفتوگۆکردنی ئەم قانوونە گرنگە. کورد دەبێت هەموو هەوڵێک بدات بۆئەوەی مافی لە دەستووری عێراقدا بپارێزێت. لەم گووتارەدا، بە هەڵسەنگاندنی "قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا"، سیاسەتێکی کوردستانی لەسەر بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان دادەڕێژم، کە دەبێت بەشێک بێت لە دەستووری عێراق.

بەڵگەنامەی "قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا" بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزانی نەک تەنیا شاردۆتەوە، بەڵکو نکولی لێیان کردووە؛ رێی دابین کردووە بۆ هێشتنەوەی ئەو تاوانانەی کە لەم رووەوە تا ئێستا رژێمەکانی پێشوو بەئەنجامیان گەیاندوون؛ دڵنیایشی کردووە کە لە داهاتوودا بتوانرێت تاوانی لەمجۆرە هەر بەردەوام بێت. لەمەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە ئەم کۆنسێپانە لە بەڵگەنامەکەدا کراون بە قانوون بە مۆری کورد خۆیەوە.

سەرباری ئەوەی کە رەنگە تێگەیشتی تاوانەکان چارەسەرەکانیان لەخۆدا حەشاردا دابێت، گەلی کورد هێشتا نەیتوانیوە لە مەودای ئەو تاوانانە تێبگات کە دەرحەقی کراون. ئەم نووسراوە توێژینەوەی کۆنسێپتەکانی بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان نیە، بەڵکو دەرخستنی بایەخیانە لە کێشە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستاندا، کە دەبێت لە دەستووری (قانوونی بەڕێوەبردنی) عێراقدا حیسابیان بۆ بکرێت.

## کۆنسێپتی بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان لە تاوانەوە بۆ ناسنامە

بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان، سێ کۆنسێپتی لەیەک دانەبڕاون، کە بوونەتە ناسنامەی کورد و کوردستانێتی. نکولیکردن لەم ناسنامە گرنگەی گەلی کوردستان، بە بڕوای من، هەرەمەکی نەهاتووەتە زمان لە "قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا"، بەڵکو توێژراوەتەوە و پلانی بۆ داڕێژراوە.

هەرچەندە بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان تاوان بوون بەرانبەر بە کورد کراون، بەڵام ئێستا بوونەتە بنەمای (مافی) کورد، کە دەتوانرێت داهاتوویەکی گەشداریان لەسەر بنیات بنرێت. جا بۆیە وەک بنەما و ناسنامە ناویان دەبەم، کە ناکرێ لە گەلی کوردستان داببڕێن.

سێ کۆنسێپتی بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان، کە بەر لەم نووسینە، ناویان پێکەوە هاتووە، دەکرێت بە زۆر شێواز بناسێنرێن؛ بەڵام دەشکرێت هەموویان لە فەلسەفەی بەعەرەبکردنی هاوچەرخدا کۆبکرێنەوە. ئەمیش بزووتنەوەیەکی فیکری و پراکتیکی (کردەی) عەرەبی رەگەزپەرستانەیە کە بۆ جەنەسایدی کورد دەکارێت. بەپێی ئەم پێناسەیە، زۆر تاوان دەبن بە بەشێک لە کونسێپتی بەعەرەبکردن، وەک جەنەسایدی ئەنفال، گازکردنی هەڵەبجە، رووخاندنی گووند و شارەکانی کوردستان، راگوێزان و دەرکردنی کوردەکان، جەنەسایدی فەیلیەکان و بەرزانیەکان و چەندین تاوانی تر.

تاوانی جەنەسایدی کورد و کوردستان بە قۆناغی جودادا تێپەڕیووە، بەڵام لە گشت قۆناغەکانیدا یەک ئامانجی بووە. بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان لە کۆنسێپت و کامپەینی جەنەسایدی ئەنفال کۆنترن. هەڵبەت دەکرێ ئەنفال بە قۆناغێکی چڕتر لە بەعەرەبکردن بناسرێ.

بەعەرەبکردن کۆنسێپتێکی نوێ نیە. پێشتر ئیسلام بەعەرەبکردنی کورد و کوردستانی بەرجەستەکردووە. تا رادەیەکی زۆر ئیسلام سەرکەوتوو بووە لە بچووککردنەوەی کورد و کوردستان و بەکارهێنانی تواناکان، دەرامەتەکان و سامانی گەلی کوردستان لە خزمەتی بەعەرەبکردندا.

کوردیش تا ئاکارێک توانیبووی خۆی لە ئیسلام بپارێزێت، وەک گەلێکی کاریگەر بمێنێتەوە. بەڵام کە بەعسیزم جێی ئیسلامی گرتەوە، مافی کوژاندنەوەی ناسنامەی کورد و کوردستانێتی کرد بە یەکێک لە بنەماکانی بەعەرەبکردن. هەموو وڵاتانی عەرەبیش پشتگیری ئەم سیاسەتە بوون.

ئیسلام و بەعسیزم ناوەڕۆکیان یەکە، وێڕای ئەوەی کە لە دوو سەردەمی جودادا هاتوونەتە بوونەوە. ئیسلام فەلسەفەی عەرەب بووە کە لە مێژووی نوێدا بە بەعسیزم جێی گیرایەوە. بەعسیزم، سەرباری داهێنانی نوێتر، رەگی لە فیکری عەرەبی - ئیسلامیشدا داکوتاوە. ئەو رێ فیکری و پرکتیکیانە لە فەلسەفەی عەرەبی - ئیسلامیدا دەدۆزێتەوە و بەرجەستە دەکات کە کاریگەرن لە جەنەسایدی کورددا و پاسەواری دەکەن. بۆ نموونە بەعس کۆنسێپتی ئیسلامی "ئەنفال"ی بووژاندووەتەوە بۆ کوژاندنەوەی ناسنامەی کورد.

عەرەبی شۆفێنی مەودای ئیسلامی بۆ لەناوبردنی گەلەکانی تر زانیووە بۆیە، بۆ نموونە، پەیامبەری بەعسی عەرەبی، مشێل عەفلەق، لە کریستیانەوە وەرگەراوتە سەر ئیسلام. سەدامیش لە سەرەتای نەوەدەکانەوە کە گڵۆڵەی کەوتە لێژی، ئاڵای "ئەڵاهوئەکبەری" بڵند کردەوە. هیچ ئاینێک وەک ئیسلام نەیتوانیووە لە بەرژەوەندی تاکە گەلێک، بگرە هۆزێک، بکارێت.

هەڵبەت بەعسی عەرەبی بینا لەسەر ئەو رووداوە مێژوویانە دەکات کە عەرەب تێیاندا زاڵ و سەرکەوتوو بوون، وەک ئەنفال و قادسیە. ئەم تاوانانە بەنهێنی نەکراون. بەعسی عەرەبی کۆنسێپت و کامپەینی تاوانەکانی نەشاردووەتەوە، بەڵکو هەم پیادەی کردوون و هەم لەرێی دەستگاکانیەوە ئاشکرای کردوون. کەواتە ئەم تاوانانە هەم جەنگێکی زەمینی بوون و هەم جەنگێکی سایکۆلۆجی. ئامانجی تەنیا لە نێوبردنی تەنی (فیزیکی) کورد نەبووە، بەڵکو سوککردن، لووتشکاندن، تۆقاندنی گەلانی تریشی بووە. لە کامپەنی ئەنفالدا، بۆ نموونە، ئامانج کوردقڕان (بنەبڕی گەلی کورد)، کوردەواریقڕان (سڕینەوەی کلتوور، سرووشت، گوزەران و زمانی کورد)، کوردایەتیقڕان (پووچکردنەوەی بیری نەتەوەیی کورد) و کوردستانقڕان (بە عەرەبکردنی نیشتمانی گەلی کورد) بووە.

ئەمەش رەنگە رەگی لە ئەقڵیەتێکی عەرەبی خێڵەکیدا بدۆزرێتەوە، کە هەردەم دەیەوێ خێڵەکەی خۆی ببێ بە خێڵی زاڵ - نێر.

ئەم کۆنسێپتەی بەعسی عەرەبی لە ئیسلامیشدا دەدۆزرێتەوە. تا ئەمڕۆش، گۆڕی باوباپیرانی کورد، کە لە داگیرکردنی ئیسلامدا قوربانی شمشێری عەرەب کراون، ناوی "گۆڕستانی کافرەکان"ی لێ نراوە و کورد ناچارکراوە کە بەلایاندا تێپەڕ بوو سەنگبارانیان بکەن. گۆڕی کوژەرانی داگیرکەرانی ئیسلامیش بە "گۆڕستانی ئەسحابەکان" ناسراوە؛ رێبوار دەبێت ستایش بکات لە ئاستیاندا.

ئیسلام عەرەبی بەدەوی لە دۆرگەی عەرەبیەوە هێنایە دەرەوە و ئیمپراتۆرەتی عەرەبی - ئیسلامی پێ بنیات نا. لە مێژووی نوێدا، بەعسیزم خۆی بە فکری پانعەرەبی دەبینێت، جێی ئیسلام دەگرێتەوە، دەیەوێت گەلەکانی دەوروپشت جەنەساید بکات و عەرەبیش لەژێرئاڵای خۆیدا کۆبکاتەوە. بۆیە بەعسیزم هەم دژی عەرەب و هەم دژی گەلەکانی تر بووە. جەنەسایدی کورد (ئەنفال)، جەنگی ئێران (قادسیەی سەدام) و داگیرکرنی کوێتش بەشێک بوون لە لایەنە پراکتیکیەکانی بەعسیزم.

کۆنسێپتی "ڕاگوێزان" دەکرێت وەک پراکتیزەکردنی بەعەرەبکردن ببینرێت، کە ڕەنگە داهێنانی بەعسیزم نەبێت، چونکە پێشتر ئیسلام، فارس و تورکیش کوردیان ڕاگوێزاوە.

جگە لە "ڕاگوێزان" کۆنسێپتی تریش هەن، کە بەشێکن لە بەعەرەبکردن، وەک یاریکردن بە سنووری ستانەکانی کوردستان (پارێزگاکان)، بە ئامانجی کەمکردنەوەی ژمارەی کورد لە ستانێکی وەک کەرکوکدا. بۆ نموونە، بەعس لە هەفتاکاندا چەمچەماڵ، کفری، کەلار و دووزخورماتووی لە کەرکووک دابڕی. دەرکردنی فەیلیەکان، داگیرکردنی موڵکوماڵیان و بێ ناسنامەکردنیان کۆنسێپتێکی ترە.

"ڕاگوێزان" زۆر لایەنی هەبووە. رووخاندنی گوند و شارە کوردستانیەکان و ڕاگوێزانیان بۆ "موجەمەعی سەکەنی"[1] لایەنێک بووە، کە ئەمانیش دیاردەیەکی نوێ نەبوون و زۆر توێژینەوە هەڵدەگرن. نازیەکان لە جەنگە دووەمی جیهاندا، هەمان کۆنسێپتیان بەرجەستە کردووە. جووەکان لە "کۆنسێنترەیشن کامپدا" کۆکراونەتەوە بە لە سەربڕینیان. کامپەینی جەنەساید، جا هی کورد بێت یان جوو، بە چەند هەنگاوێکدا تێپەڕیووە. ئامانج تەنیا قڕکردن نەبووە، بەڵکو سووکردنی "کورد" یان "جوو" بووە بەوەی کە کوردەکان یان جووەکان جودا کراونەتەوە لە کەسانی ئاسایی؛ مۆرکراون. دژ بە خواستی خۆیان، خزێنراونەتە ناو "موجەمەعە سەکەنیەوە".[2] لێرەدا سووکایەتیان پێکراوە: لێیان دراوە؛ جوێنیان پێدراوە؛ برسی کراون. ئاوی خوردنەوەیان لێ بڕاوە یان لە چلەی هاویندا بۆ گەلێک کە تەنیا ئاوی سازگاری کانیاو و رووبارەکانی کوردستانی خواردووەتەوە، لە تانکەری مێتاڵدا ئاویان بۆ هێنراوە؛ وەک وڵاخ مامەڵەکراون. ژنان و کچان، زۆرجار لە بەردەم یان بە ئاگاداری هەموو کۆمەڵگاکە، ئەتکراون، کە ئەمە سووکایەتیکردنێکی زۆر قوورسە لە کۆمەڵگایەکی مووسوڵماندا. هۆکاری تر بەکارهێنراوە تا مێینەکان لەش و حەزیان بفرۆشن، بۆ پارە نا، بەڵکو بۆ ئازدکردنی نێرینەی کەسوکاریان کە بەبێ هیچ تاوانێک دەستبەسەرکراون یان برسیکراون تا بەعسیە عەرەبەکان نان بگۆڕننەوە بە سێکس لەگەڵ کیژۆڵەی کوردا. لێرەشدا نەوەستاوە. سووکایەتی بە مردووەکانیش کراون؛ کراونەتە خۆرکی سەگ. کیژۆڵەی کورد بە تیاترۆخانەکانی میسر و شێخانی عەرەب فرۆشراون. ئەمانیش بە "ڕیحابی سەدرە" قبووڵیان کردووە.

گەلی کورد خۆی گێل دەکات گەر ئەمە بە "برایەتی کورد-عەرەب" دابنێت. چۆن بینا لەسەر ئەم برایەتی کورد و عەرەبە دەکرێت؟

شانبەشانی ئەم کامپەینی سووکایەتیکردنە، کە دەکرێ بە "داماڵین لە مرۆڤایەتی و کوردبوون" بناسرێت، کامپەینی تریش بەرجەستەبووە.

دەرکردنی کورد و جێگرتنەوەیان بە عەرەب لە کوردستاندا، لایەنێکی تر بووە، کە دەکرێت هەم بەعەرەبکردن و هەم بە بەعسیکردن ببینرێت. خاکی کوردستان کراوە بە عەرەب و بەعس پشتگیری بۆ ڕژێمەکەی خۆی پەیداکردووە لە ناو عەرەبەکاندا بە ئیمتیاز بەخشین پێیان. جا با ئەو ئیمتیازانە خوێن و موڵکوماڵی کورد بووبێت. عەرەب ئەمەی وەک بەشێک لە تاڵانی جەنگ دیووە، کە بە عەرەبی - ئیسلامی نامۆ نیە و حەڵاڵە. بەمە عەرەب بەشێکە لە تاوانی بەعەرەبکردن و ناکرێت لێی داببڕێت.

لە پیادەکردنی ئەم سێ کۆنسێپتەدا کورد زەرەرمەند بووە و عەرەبیش کەڵکگر. سەدان هەزار خێزانی کورد دەرکراون و لەنێوبراون و عەرەب جێی گرتوونەتەوە.

کوردەکان تەنیا زەرەری ماڵیان لێ نەکەوتووە. کاریگەی سایکۆلۆجی لەسەر خێزانەکان هێجگار زۆرە و ڕەنگە مەودایان هەرگیز نەزانرێت. ئەوەی دەزانرێت ئەوەیە کە ئەم خێزانانە لە ماڵوحاڵێک دەرکراون

---

[1] ئەم کۆنسێپتانە وەرناگێڕمە سەر زمانی کوردی تا وەک تاوان و کۆنسێپتێکی عەرەبی بە مێژووی کوردا بچنە خوارەوە. خۆ گەر ئێمەش هیچمان بۆ نەکرد، با ڕێ بکاتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوومان.

[2] مەخابن بۆ تێگەیشتنی ئەم زوڵمە دەبێ زۆر وردەکاری بنووسم، کە ڕەنگە خوێندنەوەیان بۆ کوردێک، وەک نووسیانیان، زۆر سەخت بێت. بەڵام دەبێت لە گشت لایەنەکانی ئەو زوڵمە تێبگەین کە لە کورد کراوە تا پلان دابنێین بۆ چارەسەری کێشەکەمان و سارێژکردنەوەی زامەکانمان.

کە، بەلانیکەمەوە، چەندین نەوە تێیدا ژیاون. تەنیا خۆیان نەگوێزراونەتەوە، بیرەوەریەکانیشیان، کە بەشێکن لە بوونی مرۆ، زەوت کراوە. ئایا کاریگەری ئەم هەڵکەندنە چیە و چی دەبێت لەسەر خێزانەکان و کۆمەڵگەکان؟

لە پیادەکردنی ئەم تاوانانەدا، عەرەب بێتاوان نین. وەک چۆن ئەڵمانیا داوای لێبووردن لە گەلی جوولەکە دەکات بۆ پیادەکردنی جەنەسایدی هەڵەکۆز، کوردیش دەبێت داوای لەمجۆرەی لە عەرەب هەبێت. کورد و عەرەب نەک ناتوانن پێکەوە بژین، بگرە ناتوانن دراوسێش بن، گەر عەرەب ددان بەو تاوانانەدا نەنێت کە دەرحەق بە کورد کردوونی. دەبێت بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان (وەک بەشێک لە جەنەسایدی کورد) بکرێن بە قانوون لە هەموو دەستوورێکی عێراقدا و پێوانەی بەربەست دابنرێن بۆ دووبارە نەبوونەوەیان. کورد دەبێت بەخشندە بێت، بە هەمان ئەقڵیەتی عەرەبی خێڵەکی بیر لە تۆڵەکردن نەکاتەوە، بەڵام نابێت کەمتەرخەم و نەزان بێت، کە رەنگە نەوەکانی داهاتوو باجەکەی بدەن.[3]

گەر عەرەب ددان بەو تاوانانەدا نەنێت کە بەرانبەر کورد لەئەستۆی گرتوون و تاوانبارەکان دیاری نەکرێن و هۆکارەکانی ئەم تاوانانە شرۆڤە نەکرێن، ئەوە دەگەیەنێت کە عەرەب بەدنیازە و خۆی مەڵاسداوە بۆ دووبارەکردنەوەیان. گەر کورد هاوبەشی عەرەبە لە عێراقدا، حکومەتی عێراق دەبێت یارمەتی کورد بدات بۆ کردنی جەنەسایدی کورد بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان، پەڕلەمانی ئەورووپا و لایەنی نێونەتەوەی بەشدار بکات بۆ ئەوەی ئەو تاوانانە روونەدەنەوە. دەبێت لە عێراقدا و بە دەرامەتی عێراق مەڵبەندی توێژینەوەی جەنەسایدی کورد دابمەزرێت بۆ تێگەیشتن لە فیکری گەندەڵی بەعسی عەرەبی.

حزبە کوردیەکان لەوە دەچێت لە عەرەب مکوڕتر بن لە دامەزراندنەوەی عێراقدا بەبێ ئەوەی هیچ مەرجێکیان هەبێت. عادل مراد، جێگری تاڵەبانی لە بەغداد، دەربارەی گەرانتی بۆ پاراستنی کورد دەبێژێت: ئێمە گەرانتی لە کێ وەربگرین؟ ئێمە [ی کورد و عەرەب] کوڕی هەمان وڵاتین؛ خۆ ئێمە لەگەڵ بێگانەدا گفتووگۆ ناکەین.[4] نازانم چۆن فەیلیەکی کورد پاش ئەو هەموو زوڵمەی عێراقی عەرەبی لێکردووە، دەتوانێت ئەم دەبدەبۆکە فووپێدا بکات.

ئەمانە تاوانن دژی مرۆڤایەتی و لێخۆشبوونیان نیە. ئەوانەی توانیبێتیان ئەم تاوانانە بخەنەمل، دەتوانن دووبارەشی بکەنەوە. چۆن کورد دڵنیا بێت کە ئەم تاوانانە لە عێراقی داهاتوودا دووبارە ناکرێنەوە؟

جا بۆیە "قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا" سەبارەت بەم سێ کۆنسێپتە چەندین پرسیار لە خۆی دەگرێ.

ئایا ئەم بەڵگەنامەیە بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزانی نەشاردۆتەوە؟ بۆچی بەربەستکردنی ئەم سیاسەتانە لە بەڵگەنامەکەدا نەکراوە بە قانوون؟ ئایا کورد دەبێت هەروا بەساویلکەیی، هەروەک هیچیش لە نێوان کورد و عەرەبدا رووی نەدابێت، دەستبەرداری بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان ببێت؟ بۆ تێگەیشن لە کورد و کوردستانی بوون دەبێت هەم رووبەڕووی تاوانەکان بینەوە هەم تاوانباران.

### بەقانوونکردنی بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان

بەڵگەنامەی "قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا" بە هیچ جۆرێک ئاماژە بۆ بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان ناکات، کە هۆکارەکەی لای من ئاشکرایە. کۆنسێپتی بەعەرەبکردن بەستراوە بە ناوی گەل یان ئەتنیک گرووپی عەرەبەوە. بخوازین و نەخوازین، ئەمە سووکایەتیکردنە بە عەرەب؛ ددانپێدانانە بە هەوڵی کوژاندنەوەی ناسنامەی کورد لەلایەن عەرەبەوە.

---

[3] ئینگلیز دەڵێ: ئێمە تاوان دەبەخشین بەڵام لەیادی ناکەین. We forgive but not forget.

[4] رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ئۆرگانی یەنک، 3 مارتی 2004 (داڕێژراوەتەوە)

دیارە عەرەبی شۆڤێنی دەیەوێت خۆی لەمە بپارێزێت. جا بۆیە نووزەی کۆنسێپتی "بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان" لە "قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوە" نایەت.

بەڵگەنامەکە بەمەشەوە ناوەستێت. "بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان" دەکات بە قانوونی دەوڵەتی عێراق.

بەڵگەنامەکە لە بڕگەی 16– ج دەنووسێ، "هەموو هاوڵاتیەکی عێراقی مافی تەواوی بەبێ مەرج هەیە، لە سەرتاسەری عێراقدا موڵکدار بێت بەبێ کۆسپ." ئایا ئەم بەندە بەعەرەبکردن دەکات بە قانوون؟

با بە نموونە ئەم بەندە روون بکەینەوە. بەندەکە دەستەڵاتی قانوونی دەدا بە وڵاتێکی عەرەب یان حکومەتی عێراق کە بتوانێت هەر موڵێک، دامەزراو بێت یان زەویوزار، لە کوردستاندا بکڕێت. خۆ عەرەبی دەوڵەمەند دەکرێت باشترین موڵکی کوردستان بکڕن؛ دەوڵەتی عێراق دەکرێت عەرەب بۆ کوردستان بگوێزێتەوە لە ژێر پاسەواری جودادا؛ یان دەوڵەتی عێراق دەتوانێت بە پارەیەکی زۆر کوردی هەژار رابگوێزێت لە کوردستاندا. ئایا ئەمە مەترسیدا نابێت لە گۆڕینی دیمۆگرافی کوردستاندا؟

رەنگە لە وڵاتێکی دیموکراتی وەک سویسرا یان بەریتانیادا، قانوونێکی لەمجۆرە گرفت نەبێت. بەڵام لە کوردستاندا لەبەر چەندین هۆکار، دەبوایە هەرگیز بڕیاری لەسەر نەدرایە.

- ئەو حکومەتانەی کە لە عێراقدا تا ئەمڕۆ حوکمیان کردووە، هەموو عەرەب بوون؛ هەمووش بەکاربوون بۆ بەعەرەبکردنی کوردستان.
- "قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا" خۆی پێداگرتنە لەسەر ئەوەی کە جگە لە ستانەکانی ژێر ئیدارەی حکومەتی دێفاکتۆ، کوردستانێتی باقی کوردستان هەموو لەژێر پرسیاردایە.
- لە بەریتانیادا، بۆ نموونە، سەدان ساڵە ئینگلیز زۆربەی لایەنی کلتووری سکۆتلەندیەکان یان وەیڵسەکانی سڕیووەتەوە، بە زمانەکەشیانەوە، بەڵام هەرگیز وڵاتەکەیی بچووک نەکردوونەتەوە، سنووری ستانەکانی پاراستوون و هەر بە سکۆتلەند و وەیڵس ناویان دەبات. ئەمە لە عێراقدا ئەستەمە.

سەرباری ئەمانەش، کورد دەبێت بەجەرگانە بە عەرەب و بە جیهانی رابگەیەنێت کە "بڕوا" لە عێراقدا لەنێوان کورد و عەرەبدا نەماوە، لەبەر مێژوویەکی هەزار ساڵەی خوێناوی. کوردستان لەهاتنی ئیسلامەوە تا ئەمڕۆ هەر بچووک دەکرێتەوە لەلایەن عەرەبەوە. ئەم بچووککردنەوەیە بە شمشێر ئیسلام دەستی پێکردووە و بە کیمیابارانی بەعسدا رۆیشتووە. کێ دەزانێت بە چی تردا دەڕوات گەر گەرانتیەکی نێودەوڵەتی نەبێت؟

لە بارێکی لەمجۆرەدا، بۆچی کورد بە قانوونێکی لە جۆری بڕگەی 16- ج قایل بێت؟ کورد دەبێت بپرسێت: چ گەرەنتیەک هەیە کە حکومەتی عەرەبی عێراقی داهاتوو، هەروەک ئەوەی بەعسی عەرەبی نابێت؟ یەکەم هەنگاوی دامەزراندنەوەی عێراق، کە بە سوێندخواردن دەستی پێکرد، کۆنسێپتی "فیدراڵی و دیمکرات" لە عێراق کرایەوە، چونکە عەرەب باوەڕی پێیان نیە. ئەو کوردەی وا دەزانێت کە ئەمە هەڵەیەکی تەکنیکی بووە، فڕی بە مێژووی عێراقەوە نیە. دەستپێکی حکومەتی جەعفەری عەرەبی بە پاشقوولگرتن لە کورد دەستی پێکرد. خۆ دوورنیە بە سەرمەقوولات کۆتایی بێت!

عێراق یەکەم وڵات نابێت کە سزا بدرێت بۆ لە ئەستۆگرتنی تاوانەکانی. بۆ نموونە ژاپۆن و ئەڵەمانیا، وەک بەشێک لە سزای بەشداریکردنیان لە جەنگی جیهانی دووەمدا، سزادراون و تا ئەمڕۆش لەشکریان لە دەری وڵاتی خۆیان بەکار ناهێنن. ئیدی بۆ نابێت بڕیارێکی لەم جۆرە بۆ عێراق بدرێت. بۆ نموونە دەکرێت لە دەستووری عێراقدا بنووسرێت کە هێزە چەکدار و جاسووسیەکانی عەرەبی عێراق بۆی نیە هەرگیز بێنە خاکی کوردستانەوە. کورد خۆی ئەم کارانە رادەپەڕێنێت. لە چەند ساڵی رابردووشدا کورد ئەمەی بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی سەلماندووە. ئەمە تەنیا یەکێکە لەو سیاسەتانەی کە لەسەر جەنەسایدی کورد دەکرێت دابڕێژرێن. هەڵبەت سیاسەتی تر زۆرن.

بەڵگەنامەکە بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان لە کورد و کوردستان دادەبڕێت. کۆنسێپتی راگوێزانی کورد بەعێراقی دەکات. بڕگەی 58 ـ ا باس لە "گواستنەوەی دانیشتوانی کەرکوک" دەکات، هەروەک کەرکوک پەیوەندی بە کوردستانیشەوە نەبێت. لێرەدا، "دانیشتوان" لە بری "کوردی کەرکووک" بەکارهێناوە. هەڵبەت نیەتی ئەم جۆرە داڕاشتنە دیارە: ددانەنانە بە کوردستانێتی کەرکوکدا. دەنا لە کەرکوکدا زۆربەی کورد، ئەمجار تورکومان، راگوێزراون. هیچ عەرەبێک لە کەرکوک رانەگوێزراوە، بگرە عەرەب داگیرکەرە. بۆچی بەڵگەنامەکە وشەی "دانیشتوان" لە بری "کورد" بەکاردەهێنێت؟ ئایا دەکرێت "بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان" لە کورد جودا بکرێتەوە؟ ئەمە وەک ئەوە وایە لە باسی هەڵەکۆزدا ناوی ئەتنیک گرووپی جوولەکە نەهێنرێت یان لە باسی قەتڵوڵعامی ئەرمەنیەکاندا باسی زاڵمی تورک نەکرێت؟

بەڵگەنامەی حکومەتی بەعس دەیسەلمێنێ کە عەرەبان، "رۆڵەکانی هاووڵاتمان"، بەشێکن لە تاوانەکان. بەڵگەنامەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعسی عەرەبی، 9 حوزەیرانی 2001، دەنووسێت:[5]

"لەبەر ئەوەی کە کەرکووک یەکپارچەیی خاکی عێراق دەگەیەنێت و گەر خوانەکردە بکەوێتە ژێر دەستەڵاتی تاقمی بەکرێگیراوانەوە [کورد]، ئەوا دەوڵەتی کافر و دوژمنان دادەمەزرێت. بۆیە عەرەب لە هەر لایەکەوە بێت وەری دەگرین."

ئەم بەڵگەنامەیە ددان بەوەدا دەنێت کە کەرکووکی خاکی کوردستان کراوەیە بۆ عەرەب لە هەر لایەکی وڵاتانی عەرەبیەوە، نەک تەنیا عێراقی عەرەبەوە. هەڵبەت ئەمە ئاماژەیە بۆ پلانی نیشتەجێکردنی فەلەستینیەکان لە کەرکووکدا.

گەر بەدنیەتی لە پشتەوە نەبێت، بۆچی کەرکوک بە قانوونی تایبەتی (53 ـ ج) لە کاریگەرێتی کورد پارێزراوە؟ خۆ گەر ئامانج تەنیا نەهێشتنی ئاسەواری بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگویزانە، دەکرا سنووری کوردستان لە بەڵگەنامەکەدا دیاری بکرایە. دواتر، ئاسەواری بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان بسڕدرایەتەوە. وەکی تر دەکرا ناوچە بەعەرەبکراوەکان لەژێر هێزی نێونەتەوەیدا بپارێزرانایە تا ئاسەواری بەعەرەبکردن لەنێو دەبرا. ئەمجار بخرایەتەوە ژێر دەسەڵاتی کوردستان.

بڕگەی 58 ـ ا ـ 1 مافی بەعەرەبکردن و راگوێزان لە کورد دەسەنێتەوە و بە "ناکۆکی مڵکایەتی" ناودەبات و بە "قەرەبووکردن" چارەسەری دەکات. بڕگەی 58 – ج خاکی بەعەرەبکراوی کوردستان ناودەنێت "زەوی ناکۆکیدار". چارەسەرکردنی ئەم "ناکۆکیانە" بە کۆمەڵێک مەرجی ئەستەمەوە دەبەستێتەوە.

بڕگەی 58 – ا – 2 باس لە راگوێزان ناکات، بەڵکو "گواستەوە" بەکار دەهێنی و زۆر سکارانە کێشەی نزیکەی سەدەیەک لە "بەعەرەبکردن و راگوێزان" بە "قەرەبووکردن" چارەسەر دەکات. بڕگەکە دەنووسێت:

"لەسەر حکومەتە کە لە ماوەیەکی گونجاودا، بیان گێڕێتەوە بۆ ماڵ و مڵکیان. گەر حکومەت ئەمەی بۆ نەکرا، قەرەبوویەکی رەوایان بکات."

با بە نموونەیەک نیەتی ئەم بڕگەیە روون بکەینەوە. کوردێک کە لە 1975ەوە لە کەرکوک دەرکراوە. ئێستا ئاوارەی تاراوگەیە و هەر لێرەش خێزانی پێکەوە ناوە. ئایا بە چەند سەد هەزار دۆلارێک واز لە موڵکوماڵی ناهێنێت لە کەرکووک؟

بەعەرەبکردن و راگوێزان کێشەی گەلێکن، نەک تاکە کەس. دەبێت لە ئاستی قەوارەی سیاسی کوردستان و حکوومەتی بەغداد و ئەمجار کۆمەڵگای نێونەتەوەیدا چارەسەربکرێن. لەوە ناچێت نوێنەرە کوردەکان تەنانەت توانیبێتیان، یان بوێرن، ئەم کێشانە لەگەڵ عەرەبی ناو حوکمدا بدرێکێنن. جا چۆن دەتوانن

---

[5] بەڵگەنامەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعسی عەرەبی، نووسینگەی جێگری سەرۆک، نهێنی، تایبەت و دەستبەجێ، ژمارە 144، 9 حوزەیرانی 2001. (ئەحمەد عەزیز،هەڵسەنگاندنی باری ئەمڕۆی کەرکووک، خستنەرووی بیروڕاکان، کۆردستان نێت،13 ئەیپڕلی 2004،
http://www.kurdistannet.us/4-2004/helsengan.html

www.dengekan.com

چارەسەری بکەن. خۆ گەر نوێنەرە کوردەکان لە ئاستی بەرپرسیدا بوونایە، سوێندیان بەبێ دەستەواژەی "فیدڕاڵ و دیمکرات" نەدەخوارد. خۆ نابەجێ نابێت گەر بپرسین: ئایا کاری نوێنەرە کوردەکان لە بەغداد چیە.

خۆ گەر کورد قەرەبووکردنی قبووڵ بکردایە، حکومەتی بەعسی عەرەبی پلانێکی زۆر دڵفراوانی بۆ ئەو کوردانە دانابوو کە ئامادەی "راگوێزان" بوون. هیچ پێویستی نەدەکرد چاوەنوارِ بن تا "عێراقی دیموکراتی فیدڕاڵی فرەحزب" دادەمەزرێت.

بەڵگەنامەی حکومەتی بەعسی عەرەبی (1994) دەنووسێت:[6]

"رەزامەندی سەرۆکی فەرماندە (خوا لێی رازی بێت) وەرگیرا بۆ گوستنەوەی ئەو فەرمانبەرانەی کە عەرەب نین لە شاری کەرکوک بۆ پارێزگاکانی ناوەراست و باشوور (جگە لە بەغداد، سەلاحەدین و دیالە)."

بەگوێرەی ئەم بەڵگەنامەیە، ئەو کوردەی کە ئامادەیە لە کەرکووک بگویزرێتەوە بۆ شارەکانی ناوەراست و باشوور، ئەم مەرجانەی بەسەردا دادەسەپێت: پارچەیەک زەوی لەو شارەی کە دەخوزان بۆی بگوێزرێتەوە؛ 2–15 هەزار دینار بۆ گواستنەوەی هەی خێزانێک کە ژمارەیان بگاتە 5 سەر و 30 هەزار دینار بۆ خێزانێک کە ژمارەیان لە 5 سەر پتر بێ؛ کرێی خانووی دووساڵیان بۆ بدرێت لەلایەن ئەو پارێزگایەوە کە لێی نیشتەجێ دەبن؛ بۆیان هەبێت کە قەرزی هەردوو بانکی عەقار و بانکی ئیشتراکی وەربگرن، بەبێ ئەوەی مەرجەکانی قەرزکردن بیانگرێتەوە؛ کەرەستەی بیناکردنیان بە بەهای رەسمی پێبدرێت و مەرجەکان نەیان گرێتەوە؛ هاسانکاری گواستنەوەی منداڵەکانیان بۆ بکرێت بۆ قوتابخانەکان؛ مافی گواستنەوەی تەواوی ماڵەکانیان هەبێت. لە بەرانبەر ئەمەدا، گەر خانوو یان پارچە زەویان لە کەرکوکدا هەبێ دەبێت عەرەب لە جێیان نیشتەجێ بکەن و قەرەبووی نرخی زەوی یان خانووەکەیان بکرێتەوە؛ پێویستە نفوسیان بگوێزنەوە بۆ ئەو پارێزگایەی کە بۆی دەگوێزرێنەوە.

ئەمە قەرەبووکردنێکی "شیاوە"؛ ئەوەندەی شیاوی لە بەعەرەبکردنی کوردستاندا بڕبکات. بەڵام کێشەکە قەرەبووکردن نیە، بەڵکو کێشەی تواندنەوەی گەلێکە، کە دانەبڕاوە لە جەنەساید.

ئەم بڕگانە مەترسیدارن لەسەر کێشە چارەنوسسازەکانی کورد و کوردستان. دەکرێت هەموو ناوچە بەعەرەبکراوەکانی کوردستان، وەک کەرکوک، خانەقین و موسڵ، کە کوردەکانیان راگوێزراون بە قەرەبووکردن چارەسەربکرێن. ئەو بەعەرەبکردنەی کە حکومەتی بەعس دەستی پێکردووە، حکومەتی "عێراقی فیدڕاڵی، دیموکراتی، هەمەحزب" تەواوی بکات.

هەڵبەت ناوبردنی "بەعەرەبکردن و راگوێزان" بە "ناکۆکی ملکایەتی" گچکەکردنەوەی کێشەی کوردە. بەڵگەنامەکە ئەو تاوانانەی کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە "تاوانی دژی مرۆڤایەتیان" دەناسێنن لە کوردیان زەوت دەکات و سووکیان دەکاتەوە بۆ "ناکۆکی ملکایەتی". ئەمە گەورەترین سوکایەتیکردنە بە کورد، بە کوردستان و بەو هەموو کوردێک کە بووتە قوربانی دەستی رژێمی بەعسی عەرەبی.

"بەعەرەبکردن و راگوێزان" پرۆگرامی داڕێژراوی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بوون بە ئامانجی جەنەسایدی کورد. هەرچی "ناکۆکی ملکایەتی"ە، کێشەیەکی ساکارە لەنێوان، بۆ نموونە، دوو دراوسێدا، کە لە دادگایەکی سیڤیڵسالاردا چارەسەردەکرێت. "بەعەرەبکردن و راگوێزان" پێوسیتی بە پرۆگرامێکی پێچەوانەکردنەوە هەیە، کە دەوڵەتی عێراق دەبێت وەزارەتی تایبەتی بۆ تەرخان بکات و دەبێت لایەنی نێونەتەوەیی بەشدار تێدا بکا و گەرانتی بدات. "بەعەرەبکردن و راگوێزان" تاوانی

---

[6] بەڵگەنامەی کۆماری عێراق، سەرۆکایەتی کۆمار، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی، تەها یاسین رەمەزان، لیژنەی کاروباری باکوور، سکرتاریەت، نهێنی و تایبەت، ژمارە 723/20، 5 جونی 1994دا. (ئەحمەد عەزیز، هەڵسەنگاندنی باری ئەمڕۆی کەرکووک، خسنەرووی بیروڕاکان، کۆردستان نێت، 13 ئەیپڕلی 2004، http://www.kurdistannet.us/4-2004/helsengan.html

www.dengekan.com

نێونەتەوەین و پێویستیان بە چارەسەری نێونەتەوەیە، پەیوەنیان بە "ناکۆکی ملکایەتی"ە نیە. مەخابن تا ئێستا "وەزارەتی جەنەساید" لە هیچ یەک لە ئیدارەکانی کوردستاندا نیە.

سەبارەت بە یاریکردن بە سنووری ئیداری ستانەکانی کوردستان، وەک بەشێک بۆ بەئاکامگەیاندنی بەعەرەبکردن (بۆ نموونە لابردنی چەمچەماڵ لەسەر کەرکووک)، برگەی 58 ـ ب بەعەرەبکردنەکەی رژێمی سەدام وەک خۆی دەهێڵێتەوە.

## بۆچی بەقانوونکردنی بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان؟

راستە بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان بەئازار بوون بۆ کورد بەڵام، گەر کورد بزانێت پیادەیان بکات، لایەنی پۆزەتیڤیشیان هەیە. ئەم کۆنسێپتانە بوون بە ناسنامەی کورد و کوردستانێتی، و کۆمەڵگای نێونەتەوەی وەک تاوانی دژی مرۆڤایەتیان دەناسێنێت. چونکە ئەم پێشێلکاریانە دژی گشت مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتین. ئەمەش لایەنێکی نێونەتەوەی بە کێشەی کورد بەخشێت، کە کورد دەیتوانی و هێشتا دەتوانێت داوای چارەسەری نێونەتەوەیی بۆ کێشەکەی بکات. کورد نەیتوانیووە، بۆ نموونە، وەک ئەتنیک گرووپی جوولەکە، جەنەساید بەکاربهێنێت.

جێی سەرسوڕمانیش نیە کە عەرەبی رەگەزپەرست دەیەوێت ئەم مافانە لە کورد دابماڵێت، و لاف لێبدات کە کورد هیچ تاوانێک بەرانبەری نەکراوە کە بە "تاوانی دژی مرۆڤایەتی" بناسرێت یان ئەوتاوانانەی کە دەرحەق کورد کراون، هەر وەک ئەوانەن کە دەرحەق عەرەبی عێراق کراون.

قانوونێکی عێراقی کە ددان بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزانی کورد و کوردستاندا بنێت، چەکێکی کاریگەر دەبێت لە خەباتی کورددا بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین. قانوون، رێسا و نەریتی نێونەتەوەیی کۆمەکی ئەم مافە چارەنووسسازەی کورد دەکات. ئەم کۆنسێپتانە دەکرێت بکرێن بە بەشێک لە "دەوڵەتنەتەوە دامەزراندن – مافی چارەی خۆنووسین".

ئەمە لایەنێکی تریشی هەیە. گەر حکومەتی عەرەبی عێراق ددان بەوەدا بنێت کە کەرکووک، خانەقین، مووسڵ، دیالە، کوت و ناوچەکانی تری کوردستان بەعەرەبکراون، ئەوە دەگەیەنێت کە قایلن بەوەیە کە ئەم ناوچانە کوردستانن. عەرەبی شۆڤێنی لەوە زیرەکترن ئەو چەکە بدەنە دەست کورد،تا لە تەختی تەوێڵیاندا بیشکێتەوە.

ئەمانە پیشانی دەدەن کە فکری عەرەبی شۆڤێنی لە "قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا" هەر لە ئێستاوە هەموو دەرکێکی لە کوردی خەواڵوو داخستووە. بەڵام دەبێت ئەم دەرکانە لە دەستووری عێراقدا واز بکرێن.

## سەرئەنجامەکان

"قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا" بەڵگەنامەیەکی مەترسیدارە لەسەر مافە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان. سێ کۆنسێپتی "بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان"، کە دەکرێن ببن بە چەکێکی کاریگەر لە خەباتی گەلی باشووری کوردستاندا، کراونەتە چەکێکی کوردکوژ.

**بەڵگەنامەکە مافی بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزانی لە کورد و کوردستان سەندۆتەوە:** ئەمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە کورد داوای چارەسەری نێونەتەوەی نەکات بۆ ئەوانەی کە تاوانی جەنەسایدن، تاوانی دژی مرۆڤایەتین. کورد دەتوانێت مافی چارەی خۆنووسین لەسەر ئەم تاوانانە بنیات بنێت.

**پاسەوارکردن بۆ رژێمی بەعسی عەرەبی:** بەڵگەنامەکە نکولی لەوە دەکات کە بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن و راگوێزان بەسەر کورددا هاتوون لە سایەی حکومەتە عەرەبەکانی عێراقەوە. ئەمەش دەکرێت زۆر ئامانجی

ڕەگەزپەرستانەی عەرەبی لە پشتەوە بێت، وەک چەواشەکردن و تێکدانی مێژووی کورد و کوردستان و ددانندەنان بە چەوساندنەوەی گەلی کوردستاندا.

**هێشتنەوە و بەردەوامبوونی بەعەرەبکردن و ڕاگوێزان:** بەڵگەنامەکە ئەو زەمینەیەی تاوانەی کە حکومەتی بەعس جێی هێشتووە، وەک خۆی دەیهێڵێتەوە.

**بەقانوونکردنی بەعەرەبکردن و ڕاگوێزان:** بەڵگەنامەکە ڕێی قانوونی داناوە بۆ بەعەرەبکردنی کوردستان لە سایەی عێراقی داهاتوودا.

**بەعێراقیکردنی تاوانەکانی دژی کورد:** عەرەب لە هەوڵی پێوچاندایە کە تاوانەکانی عەرەب دژی کورد بەعێراقی بکات. هەڵبەت عێراق وڵاتێکی عەرەب و عەرەبیە تاوان دژی کورد، لە بەعێراقیکردندا دەسڕێتەوەوە و سووکدەکرێتێەوە بۆ تاوانی ڕژێمێکی عەرەبی (بەعس)، نەک تاوانی جەنەسایدی عەرەب دژی کورد.

بەڵگەنامەکە هەموو ئەو بەڵگەنامانەی پووچەڵکردووەتەوە کە بەر لە ڕووخانی حکومەتی بەعسی عەرەبی دارێژراون. بەمەش دەرگای خڕ لەسەر کورد داخستووە کە بگەڕێتەوە بۆ ئەو مافانەی کە لەو بەڵگەنامانەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

بەڵگەنامەی "قانوونی بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی گواستنەوەدا" بەشێکە لە تاوانەکانی ڕژێمە عەرەبەکانی عێراق دەرحەق بە کورد، نەک چارەسەرەکان. بەڵام کورد دەبێت لە دەستووری عێراقدا بێتەوە دەست. جەنەساید چەکێکە ناکرێت لە دەست بچێت. هەڵبەت گەلێک نەتوانێت لەو تاوانانە نەگات کە دژی کراون و پێناسەیان نەکات، نازانێت مافەکانی چین.

ئەم گووتارە لە هەفتەنامەی 'هاوڵاتی'دا بە دوو بەش بڵاوکرایەوە، و بەشێکە لە نامیلکەیەک بە ناوی 'چەرخی هەڵسانەوەی میدەکان'.

پەیوەندیەکان:

rebwar@ikurd.com